
گوڵان: کۆمەڵایەتی




**شیلان بیبانی ماستەر لە کارگێڕیی کار:**

## هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە لە بڕیارێکی چارەنووسسازدا بەشدار بێت

ریفراندۆم باس لە مافی تاك دەكات بۆ گۆڕینی چارەنووس، یان ساغكردنەوەی هەر بڕیارێكی نەتەوەیی، هەركات حكومەت بیەوێت بڕیارێكی گەورە بدات، دەبێت لە چوارچێوەی حزب جیای بكاتەوەو بیكات بە ریفراندۆم و ئیرادەی گەل پەسەندی بكات، جا لێرەدا گەورەترین وەڵام بۆ هەر موزایەدەیەكی سیاسی و حزبی ئەوەیە مەسەلەی ریفراندۆم مەسەلەی نەتەوەییە و هەموو نەتەوەیەك مافی ئەوەی هەیە بە شێوەیەكی دیموكراتی لە بڕیارێكی چارەنووسسازدا بەشدار بێت، بەهەموو جیاوازییەكی فكری و حزبی و سیاسی، واتە كۆی گەل و ئەوەی تەمەنی یاساییە (١٨ساڵ) و مافی دەنگدانی هەیە، دەبێت لە دیاریكردنی ئەو چارەنووسەدا بەشدار بێت.

ریفراندۆم بە مانای (گەڕانەوە بۆ رای میللەت) دێت كە وشەیەكی لاتینییە و لە كۆنەوە تاوەكو ئێستا جۆرەها مانای بۆ دانراوە، بە رای ئوسترالْیا بۆ گۆڕینی دەستوورە، بە رای ئیرلەندا هیچ كاریگەری لە گۆڕینی دەستوور نییە.

بێگومان هەر میللەتێك بە رۆح و فكری نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی بیربكاتەوە، ئەوا داهاتووی ئەو وڵاتە بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە بەرەوپێش دەڕوات. بۆ نموونە: توركیا لە كاتی هەڵبژاردنەكان و ریفراندۆم هەرچەندە دراوەكەی بەرەو دابەزین رۆیشت و گەشەی ئابووری بە هۆی دۆخی نالەباری سیاسییەوە زۆر لاواز بوو، بەڵام هەر سوور بوون لەسەر بیروڕای نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان، لە بەریتانیاش بە هەمان شێوە، چەند ساڵێك مەسەلەی سیاسەتی ئابوورییان ناجێگیر بوو، بەڵام بە ئومێد و باوەڕیان بە بیری نەتەوەیی خۆیان سەركەوتن، ئەوان وتیان: تەنیا چەند ساڵێك كێشەمان دەبێت، دواتر بە دڵنیاییەوە باری ئابووریمان باش دەبێت، كاریشیان بۆ كرد تا سەركەوتن و بەسەر كێشەكەیاندا زاڵ بوون، لە كوردستانیش گرینگە بە بیری نەتەوەیی، نەك تەنیا ئابوورییەوە لەو مەسەلەیە بڕوانین، ئاشكراشە هەر كاتێك لەو پرۆسەیە و لە داهاتووی سەربەخۆیی كورد سەركەوتوو بین، ئەوا وڵاتێكی خاوەن ئابووریی بەهێزمان بۆ بونیاد دەبێت.»



**سێوە سەركەوت ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگایی سلێمانی:**

## خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان برینەكانیان سارێژ دەبێت

دەمەوێت سەرەتا بگەڕێمەوە بۆ رابردووی كورد كە هەمیشە لە باب و باپیرانمانەوە گوێبیستی بەسەرهات و رۆژە تاڵەكان و نەهامەتی و قوربانیدانەكانی كورد بووین، مێژووی دوور و درێژی بزاڤی رزگاریخوزانەی كوردیش بۆمان پشتڕاست دەكاتەوە كە كورد لانیكەم لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا دەریایەك خوێنی داوە و ماڵوێرانی زۆری بینیوە، بەتایبەتی لەدوای دابەشكردن و لكاندنی خاكی كورد بە عێراق و ئاشناكردنیان بە كەلتوورێكی جیاواز و دواتر هەوڵەكانی بەعس بۆ جینۆسایدی كورد كە ئەنفال و كیمیاباران بوو، بۆیە بۆ هەمیشە لۆزان و سایكس پیكۆ لە هزر و بیرماندا ناسڕێتەوە، هەروەها بە لەدەستدانی سیڤەر، كە بە هەڵخەڵەتاندنی كورد و پاشگەزبوونەوەی زلهێزەكان لە پەیمانەكانی خۆیان بۆ دروستبوونی ئەو دەوڵەتەی بەنیازبوون بنیادی بنێن بۆ كورد لە دوای كۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی و دابەشكردنی میراتی عوسمانییەكان، بەداخەوە لە بەر بەرژەوەندیی خۆیان و چاوچنۆكییان بۆ داگیركردنی زۆرترین خاك، كوردیان فەرامۆش كرد. كوردیش لە دژی ئەو ستەمكارییە بەردەوام خەباتی كردووە و قوربانی داوە. كەم خێزانی كورد هەیە قوربانی نەدابێت. خاڵی خۆم لە تەمەنی ٢١ ساڵی خۆی گەیاندە كاروانە نەمرەكەی شەهیدانی رێبازی كوردایەتی، هەموو خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بە دامەزراندنی حكومەتی هەرێم شاد بوون و بە دامەزرانی دەوڵەتی كوردستان برینەكانیان سارێژ دەبێت. وەك كەسوكاری شەهیدان هەمیشە دەست بە دوعا و نزا بووین بۆ ئەم ئەزموونەی هەرێمی كوردستان و نەگەڕانەوەی بۆ ژێردەستی، ئەوەتا ئێستاش هەڵیكی زێڕین و لەبارمان بۆ رەخساوە، بۆ ئەوەی چیتر نەوەكانی داهاتوومان گلەییمان لێ نەكەن و لە بندەستیی داگیركاران رزگاریان بكەین. با هەموان پێكەوە بە كۆدەنگیی نیشتمانی و خۆشەویستی بۆ خاك و لەبەرچاوگرتنی خەبات و تێكۆشانی پێشمەرگەكانمان وجەرگی سووتاوی دایكان و جلی رەشی خوشكانمان، ئەم پرسە نیشتمانی و نەتەوەییە كە كورد دەگەیەنێتە كەناری ئارامی و گەیشتن بە ئامانجەكانی و لەگۆڕنانی لۆزان و سایكس پیكۆ، سەربخەین و بە بەڵێ دەنگ بە سەربەخۆیی كوردستان بدەین.

**بریڤان حەسەن عەلی ئەندامی ئەنجومەنی دەڤەری خانەقین:**

## گۆڕە بەكۆمەڵەكانی كورد بیرمان دەخاتەوە كە خوێنیان بەفیڕۆ نەدەین و دەوڵەتی خۆمان دابمەزرێنین



ئێمەی خانەقینی وەك هەموو كوردێكی نیشتمانپەروەر، خەونی گەورەمان ئەوەیە كە وەك هەموو وڵاتانی جیهان كوردیش ببێتە خاوەن دەوڵەت، بۆ ئەوەش دەرفەت رەخساوە و زۆر بە خۆشحاڵییەوە سەركردایەتیی دڵسۆزی كورد بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی داوە، ئەوەش تەنیا رێگەی رزگاریمانە لە زوڵمی داگیركەری خاك و وڵاتمان و تەنیا لەو رێگەیەوە دەتوانین ببینە خاوەن دەوڵەت و كوردستانێكی سەربەخۆ.

وەكو كورد زۆرمان ئازار بینی، مێژوومان شاهیدە چەندین قوربانیمان داوە، چەندین جار ئاوارە و ماڵوێران كراوین، سەدان هەزار شەهیدمان هەیە، داگیركەران تەنانەت تەعەدایان لە شەرەفمان كرد. گۆڕە بەكۆمەڵەكانی كورد بیرمان دەخاتەوە كە خوێنیان بەفیڕۆ نەدەین و دەوڵەتی خۆمان دابمەزرێنین. با لانیكەم نەوەكانی شەهیدانمان لە كیانێكی سەربەخۆدا بژین. بۆیە دەبێت هەموو كورد چاوەڕێی رۆژی ریفراندۆم بین و دەنگ بە سەربەخۆیی خۆمان و رزگاری لە زوڵم و زۆر بدەین.

# خۆسووتاندن..

## ئەو پەتا کوشندەیەی بەرۆکی ئافرەت بەر نادات

سەرەڕای ئاشنابوونی ئافرەتان بە ئەرك و مافەکانیان و بوونی چەندین یاسای ژنپارێزی، کەچی فشارە کۆمەڵایەتی و نەریتییەکان لەسەر ئافرەتان وایکردووە، زۆر جار پەنا بۆ هەڵەترین ڕێکاری خۆدەربازکردن بەرن، کە ئەویش خۆلەناوبردن و خۆسووتاندنە، ئەوەش لە کاتێکدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانی دامەزراندووە، کە چەندین بەڕێوەبەرایەتی و زیاتر ٣٠ نووسینگە و سەنتەری راوێژکاری خێزانی لەخۆ دەگرێت، ژمارەیەك هۆبەش لەکەمپی پەنابەران کراونەتەوە، کە کار لەسەر نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی دەکەن، بەڵام ئامارەکانی خۆکوشتن، باسی ئەو زەروورەتە دەکات کە نەهێشتنی دیاردەی خۆکوشتن، پلان و کاری جددیتری پێویستەو حکومەت و میدیا و تاك بە تاکی هاووڵاتی دەبێت کاری بەپەلە و چڕتر بۆ ڕێگری لەو دیاردە نەگریسە بکەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو بۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.

سەرەتا نووسەر ئەحمەد عارف سەبارەت بە خۆکوشتنی ئافرەت لە کوردستان بەمجۆرەی رای خۆی دەردەبڕێت: «تێڕوانینی ژن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ ئەویتر جیاوازە، هەم لە رووی کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی، هەمیش لە رووی یاسا و ڕێسایەك کە کۆمەڵگە کاری لەسەر دەکات. ئێمەی کورد بەو حوکمەی تا ئەمڕۆش خاوەنی کیانی سیاسی و ئابووریی سەربەخۆی خۆمان نین، نەمانتوانیوە بە یەکسانی کارەکانی ژیان ڕێکبخەین و وەك چۆن ئازادیمان بۆ پیاوان فەراهەم کردووە، لانیکەم بەوەی خۆیان خاوەنی عەقڵ و بۆچوونی خۆیان بن و ئازادانە مافەکانیان دەستەبەر بکەن و مافە زەوتکراوەکانیشیان بستێننەوە، بەداخەوە بۆ ژن ئەم ئازادییەمان بە رەوا نەبینیوە. دیارە لە وڵاتێکی وەهادا سەرکێشیش دەبێت و سزاکەی بۆ ئافرەتی ئێمە کوشتن بە هەقی خاوێنکردنەوەی شەرەف دەبێت. باشە ئەگەر تەرازووەکە هێندە لاسەنگ بێت کاردانەوەی ئافرەت چی دەبێت بەر لەوەی لەلایەن نێرینەکان بکوژرێت، ئەو خودکوژی دەکات، بەداخەوە ژنی کورد هێشتا قوناخی خۆبەخشی و خۆفەرامۆشکردنی تێنەپەڕاندووە و بیری لەوە نەکردۆتەوە زوو نەکەوێتە داوی تەسلیمبوون و دواتریش خوی بکات بە قوربانییەکی شکستخواردوو. من لە سیاسەت و ئیدارە و ماڵداریشدا ئافرەتی کوردم لاواز دێنە پێش چاوان، چونکە شانازی بە مێینەیی خویانەوە ناکەن. دیارە خۆسووتاندنی ژنان دوو هۆی سەرەکی لەپشتە، یەکەم و سەرەکیترین هۆکار دەسەڵاتی توند و لەخۆباییانەی پیاوانە کە ناتوانن ژن بە بەشێکی خۆیان و وەك خۆی قبووڵ بکەن، دووەمیشیان خەتای ژن خۆیانە کە نەیانتوانیوە تا ئێستاکە خاوەنی ناسنامەی مرۆڤانەی خۆیان بن. بەڵام بەگشتی خۆسووتاندنی ژن یان پیاو کارێکی بە تەواوی ترسنۆکییە و لە بارێکی دیکەشدا تۆڵە لە خۆکردنەوەیە لە کارێك کە نەیتوانیوە مرۆڤبوونی خۆی بۆ دەوروبەری بسەلمێنێ، بە رای من چارەسەر بۆ ئەم واقیعە تاڵەی خۆکوشتن و خۆسووتاندن گەڕانەوەیە بۆ پەروەردەو ئەکتیڤکردنی عەقڵی تاك، هەڵبەت لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگەدا ئەم جۆرە دیاردانەش ون دەبن.»

ڕووناك شێخ سدیق، سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کۆمەڵگە لە خێزان پێك دێت، خێزانیش لە تاك، پێگەیاندنی تاکیش جیاوازە لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دیکە، زۆربەی خێزانەکان زۆر سەردەمییانە منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن، بەڵام هەندێ خێزان بە هۆی کەمتەرخەمی و ناوشیاری ناتوانن منداڵەکانیان باش پەروەردە بکەن، ئەمەش کاردەکاتە سەر ئەوەی کە تاکێکی شەڕانگێز دروست بێت، تاکی واش کاتێك خێزان دروست دەکات، هەمان شێواز کە خۆی چۆن پەروەردە کراوە، بەرامبەر هاوسەری پیادە دەکات و بەردەوام لە شەڕو ئاژاوەدا دەبن، لەکۆتاییشدا ئەو ئافرەتە ناتوانێت بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ناچار پەنا بۆ هەڵەترین بڕبار دەبات، کە خۆکوشتن یان خۆسووتاندنە. پاڵنەری زیادبوونی هەڵچوونە دەروونییەکان لە کاتی شەڕ و ناکۆکیی خێزانیدا زۆرە، ئافرەتان ئەگەر دان بە خۆیاندا نەگرن و هەست بە سەر عەقڵ و جەستەیاندا زاڵ نەبێت، ئەوا تووشی ئەو کارە ناهەموارە دەبن کە خۆسووتاندنە، لەوانەشە هەندێ ئافرەت تووشی نەخوشی دەروونی دەبن، لەوانە خەمۆکی کە لە هەموو دڵتەنگییەك هەوڵی خوکوشتن دەدەن، هەروەها پاڵنەری فسیۆلۆژی کە ئەمیش کار دەکاتە سەر تێکچوونی هۆرمۆنەکانی ناو خوێنی مرۆڤەکان و لەهەموو مرۆڤێکدا دوو جۆر هۆرمۆن هەیە، هۆرمۆنی دڵخوشکەر و هۆرمۆنی دڵتەنگی، کە لەکاتی باری نائاساییدا هۆرمۆنی دووەم زیاد دەبێت و کاردەکاتە سەر تێکچوونی باری دەروونیی ئافرتەکە کە لە چەند فاکتەرێکدا کۆدەکرێنەوە، لەوانە:

١-کێشەی پیاو لەگەڵ ژن، لێك تێنەگەیشتنی کەسەکانی ناو خێزان بۆ نموونە بووك لەگەڵ خەسوو.

٢-خیانەتی زەوجی کە زورجار هەندێ خێزان بەهۆی نەریت یان منداڵ، قبووڵی دەکەن و ناتوانن لێك جیاببنەوە.

٣-کێشەی ئابووری، کە کێشەیەکی گەورەی خێزانی کەمدەرامەتەو راستەخۆ کاریگەری لە سەر ژیان و باری دەروونییان هەیە.

٤-بەکارهێنانی وشەی نەشیاو، کە ناو و ناتۆرەی نەشاز بە خێزانی دەڵێت و ئەوەش جۆرێکە لە توندوتیژیی زارەکی.

٥- لێدانی ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە.

هێمن فەرید چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنییە و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «لە هەموو دنیا ئەوانەی خۆیان دەکوژن تەمەنیان لەنێوان ١٦ تا ٣٥ساڵیدایە، لەو تەمەنیشدا کەسی خۆکوژ بە زۆرینە نەیتوانیوە

**بە هەموو لۆژیک و فەلسەفە و عەقڵ و فکرێک و لەژێر هەر بیانوویەکدا پەنابردن بۆ خۆسووتاندن و خۆکوشتن کارێکی نەشیاو و ناڕەوا و دوور لە شەریعەت و ئایین و بەها کۆمەڵایەتییەکانە**

**زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لە ڕووداوی خۆکوشتن ڕزگارکراون، پەشیمانن، بە تایبەتی کە جوانیی ڕوخسار و لەشولاریان دەشێوێت، بە جۆرێک کە ناچار دەبن گۆشەگیر بن و چیدی نەتوانن تێکەڵی کۆمەڵگە ببنەوە**

**ئەوانەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، هەست دەکەن چیتر بەرگەی کێشەکانیان ناگرن و بە هەڵە لەوە خۆیان دڵنیا دەکەنەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانیان خۆش نابێت، یاخود بەبێ ئازار ناتوانن بژین**

**پرۆگرامی تایبەت بەتوانا مرۆییەکان و گەشەپێدانی مرۆیی، بەتایبەت پرۆگرامی تایبەت لە قوتابخانەکان بۆ ناسینی ئەرک و مافەکانی تاک بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی تاوانی خۆکوشتن زۆر کاریگەرن**

**هەندێ خێزان بە هۆی کەمتەرخەمی و ناوشیاری ناتوانن منداڵەکانیان باش پەروەردە بکەن، ئەمەش کاردەکاتە سەر ئەوەی کە تاکێکی شەڕانگێز دروست بێت**

**چارەسەر بۆ ئەم واقیعە تاڵەی خۆکوشتن و خۆسووتاندن گەڕانەوەیە بۆ پەروەردەو ئەکتیڤکردنی عەقڵی تاک، هەڵبەت لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگەدا ئەم جۆرە دیاردانەش ون دەبن**

خوێندنەویەکی تەندروست بۆ ژیان بکات و وا سەیری ژیانی کردووە کە تەنیا بریتییە لە خۆشی و ناخۆشی تیدا نییە، ئەوەش هۆکارێکە بۆ بیزاربوون لە ژیان و ململانێ نەکردن لەگەڵ کێشەکان، هۆکارێکی دیکە، بێهێزی و بێتوانایی ئەو کەسەیە کە ناتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانی خۆی بکات، هەروەها جیاوازیی چینایەتی هۆکارێکی دیکەی خودکوژییە، لە کۆمەڵگە دواکەوتووە دیکتاتۆرییەکان کە جیاوازی لەنێوان تاکەکان بە زەقی هەستی پێدەکرێت، تاکی بەهێز و خاوەن متمانە بە خۆبوون ڕێژەیان کەمە، ئاستی نزمی ڕۆشنبیریی تاکیش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر خۆکوشتن هەیە. هەروەها لەو وڵاتانەی ئاسایش بەرقەرار نییە، خوکوشتن بە ڕێژەیەکی بەرز روو لەو وڵاتە دەکات .»

هێمن فەرید جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووە دیموکراتییەکان ڕێژەی خۆکوشتن ئەوەندە کەمی کردووە، تا وای لێهاتووە ڕێژەکەی بەرەوە نەمان بچێت، ئەوەش بە هەنگاوی جددی و کار و چالاکیی هەمە لایەن مسۆگەر بووە، واتە پڕۆگرامی تایبەت بەتوانا مرۆییەکان و گەشەپێدانی مرۆیی، بەتایبەت پڕۆگرامی تایبەت لە قوتابخانەکان بۆ ناسینی ئەرك و مافەکانی تاك بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی تاوانی خۆکوشتن زۆر کاریگەرن، ئارامیی لایەنی ئاسایشی نەتەوەییش هۆکارێکی زۆر کاریگەرە کە تاك هەست بە ئارامی دەکات لەو وڵاتەی تێدا ژیانی خۆی بەسەر دەبات. هەروەها جیاوازیی رەگەزی و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەموو ئاستەکان، واتە پشتیوانیی یاسا بۆ هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی، هەروەها بوونی کێشەی خۆراك و پێداویستییە سەرەتاییەکان و بژێوی ژیان و هاوسەنگیی مووچە لەگەڵ بازاڕ، لە هۆکارەکانی بڕیاردانی تاوانی خۆکوشتنن، ئارامیی دەروونی و کردنەوەی قوتابخانەو پەیمانگاو کۆمەڵگەی پزیشکی تایبەت بە ئارامیی دەروونی و چارەسەری نەخۆشییە دەرونییەکان، کردنەوی ڕێکخراوی تایبەت بە نەخوشییە دەرونییەکان بە خۆبەخشی و بە خۆڕایی تا هەموو کەسێك بتوانێت بەخۆڕایی کێشەی دەروونی خۆی چارەسەر بکات، دەکرێ وەك ڕێکارێکی ڕێگری لە تاوانی خۆکوشتن و خۆسووتاندن دەستنیشان بکرێن.

ژیان عەبدوڵا وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی و دەروونناس، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەو کەسانەی بیر لەخۆکوشتن دەکەنەوە، بەشێوەیەکی راستەقینە هەست دەکەن کە ئەوان بەزیون، یان بە کێشە جەستەیی و رۆحی و کێشەکانی دیکەی ژیانیان گیرۆدەن، بە رادەیەك کە مردن بە تاکە چارەسەر دەزانن کە لەتوانایاندا بێت، ئەوەش ئەو پەڕی ناهوشیارییە، لە بەر ئەوەی کێشەکانیان لەلای کەسانی دیکە بەو شێوەیە نییەو چارەسەرکردنی زۆر ئاسانترە، بەڵام ئەوانەی پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، هەست دەکەن چیتر بەرگەی کێشەکانیان ناگرن و بە هەڵە لەوە خۆیان دڵنیا دەکەنەوە کە رۆژێك لە رۆژان ژیانیان خۆش نابێت، یاخود بەبێ ئازار ناتوانن بژین.»

ئەو دەروونناسە هۆکارەکانی خۆکوشتن، زیاتر بە کۆتاییهاتنی پەیوەندیی خۆشەویستی و تێکچوونی شیرازەی خێزانییەوە گرێ دەدات و نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە «کاتێك ناکۆکییەکی توند لەگەڵ خۆشەویستدا دروست دەبێت، یاخود لەدوای تەڵاق، یان مردنی هاوسەر، یان منداڵ، یان دایك و باوك، یاخود لەدەستدانی کار و سەرنەکەوتن لە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی دیاریکراو، یاخود هەڕەشەکردن لە کەرامەت و نامووس و ئابڕوو، ئەم شتانە ئافرەتی بێ ئیرادە تووشی بڕیاری هەڵە دەکات، کە خراپترینیان خۆسووتاندن یان خۆکوشتنە.» هاوکات دەڵێت: «زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لە رووداوی خۆکوشتن رزگارکراون، پەشیمانن، بە تایبەتی کە جوانیی روخسار و لەشولاریان دەشێوێت، بە جۆرێك کە ناچار دەبن گۆشەگیر بن و چیدی نەتوانن تێکەڵی کۆمەڵگە ببنەوە، بۆیە بە هەموو لۆژیك و فەلسەفە و عەقڵ و فکرێك و لە ژێر هەر بیانوویەکدا پەنابردن بۆ خۆسووتاندن و خۆکوشتن کارێکی نەشیاو و ناڕەوا و دوور لە شەریعەت و ئایین و بەها کۆمەڵایەتییەکانە».


لە کۆتاییدا پێویستە لە رووی یاساییەوە چاوێك بە تاوانی خۆکوشتندا بخشێنینەوە. بەپێی ماددەی (٤٠٨) لەیاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) هەموارکراو، سزا دیاریکراوە بۆ ئەو کەسەی هانی کەسێ دەدات لەسەر خۆکوشتن:

١-سزا دەدرێت بە بەندکردنی ماوەیەك زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ هەر کەسێك کەسێك هان بدات، یاخود یارمەتی بدات بە هەر رێگایەك لەسەر خۆکوشتن، یاخود ببێتە هۆکاری ئەگەر هاتوو خۆکوشتن لەسەر ئەم هاندانە رووبدات، ئەگەر حاڵەتەکە لەدەستپێکردن رابوەستێت، سزاکە دەبێتە حەپسکردن.

٢-ئەگەر ئەو کەسەی خۆی کوشتووە تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت، یاخود هەست و ویستی ناتەواو بێت بە هەلومەرجێکی توند دادەنرێت، کەسی تۆمەتبار بە سزای کوشتنی بە ئەنقەست، یاخود دەستپێکردنی سزا دەدرێت - بەگوێرەی هەلومەرجەکە — ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی خۆی کوشتووە، هەست و ویستی خۆی لەدەست دابێت.

٣-سزا لەسەر ئەو کەسە نییە کە دەستی کردووە بە خۆکوشتن، (هەولێداوە خۆی بکوژێت).

# خۆسووتاندن وەک هۆکارێک بۆ خۆکوشتن



ئیبراهیم حاجی زەڵمی *

بۆ گوڵانی نووسیویێتی

دیاردەی خۆسووتاندن یەکێکە لەو ڕێوشوێنانەی مرۆڤ دەیگرێتەبەر بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی، واتە خۆکوشتن (انتحار). بۆ قسە کردن لەسەر ئەم دیاردەیە چاك وایە لە سێ خاڵدا ڕووماڵی بکەین و تا بە جۆرێك لە ئاشنایی لێی، تێگەیشتنێکی باشمان بۆی هەبێت:

یەکەم: پێناسەی خۆکوشتن

خۆکوشتن: ئەو پرۆسەیە کە مرۆڤ بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی (بەدەستهێنانی مردن) پەنا بۆ ئەنجامدانی دەبات، کە تیایدا بکەر و بەرکار (بکوژ و کوژراو) هەر کەسەکە خۆیەتی، لێرەوە خۆسووتاندن جۆرێکە لە خۆکوشتن، کە ئەویش پرۆسەیەکە تیایدا مرۆڤێك بە هۆی کۆمەڵێك هۆکار و پەستانی دەروونی و کۆمەڵایەتی پەنا دەباتە بەر هۆکاری ئاگر وەك هۆکارێکی بکوژ بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی خۆی.

دووەم: مێژووی خۆکوشتن

خۆکوشتن یەکێکە لە دیاردە مرۆییەکان و دیاردەیەکی نەرێنیی کۆمەڵایەتی و دژ بە ژیانە، بە درێژایی مێژوو بە بێ جیاوازی کەلتوور و کۆمەڵگەکان دووبارە بوونەوەی هەبووە، بۆیە ئەم دیاردەیە بە دەرکەوتنی هۆکارەکان و زیاتربوونی پەستانەکان لەسەر مرۆڤ و بێ هێزبوونی لایەنی ڕۆحی و کەمبڕست بوونەوەی توانا دەروونییەکان بە شێوازێك کە هیوا ئومێد لە دەروونی تاکەکە خاڵی بێتەوە، ژیان و مانەوە لە سەر زەوی بەو شێوازەی کە ئەو مرۆڤەی تێکەوتووە یەکسان بوو بێت بە سفر، ئیتر بڕیارێك و هەڵوێستێك کە لەلایەن مرۆڤەکەوە دەرچووبێت، ئەم پرۆسەی خۆکوشتنە بووە، ئەم دۆخانەش لەناو کۆمەڵگەی مرۆییدا هەردەم ئەگەری دووبارە بوونەوەیان بۆ تاکەکان هەیە و ناتوانرێت مرۆڤ ئەم دیاردەیە بە تەواوەتی بنبڕ بکات.

مرۆڤ خەون و خولیا و ئامانج و خواستەکانی گەورەترن لە بەربەستەکان و زۆرجار لەمپەر و بەربەستەکان و پەستانە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ژینگە کۆمەڵایەتییەکە بوارێك بۆ ئەو خەون و خولیایانە ناهێڵنەوە، بۆیە لای هەندێ تاك خۆی نومایان دەکات و خۆکوشتن دەبێتە تاکە هەڵوێست و بڕیار لای مرۆڤەکە. دیارە ئێمە باسی جۆرێك لە خۆکوشتنی ئافرەت دەکەین. ئەگەر بە لاپەڕەکانی مێژوودا بگەڕێین دەبینین ئەم دیاردەیە هەر لە سەردەمی سۆمەرییەکان و بابلییەکان هەبووە، ئافرەت خۆی کوشتووە کاتێك پیاوەکەی سەرکردەیەك بووبێت و لە شەڕەکەدا دۆڕابێت، یان هەندێجار کۆمەڵگە تووشی نەهاتی و شەڕ و ئاژاوە بووبێت هەندێ لە ئافرەتەکان خۆیان کردوە بە قوربانی بۆ خواکان، بەڵام کۆنترین جۆری خۆسووتاندن لەلای هیندییەکان بووە، کاتێك ژنەکە پیاوەکەی مردووە، لەگەڵ سووتاندنی جەستەی پیاوەکەی ئەویش خۆی لەگەڵ ئەودا سووتاندووە، پاشان میسرییە کۆنەکان ئەم دیاردەیەیان تیا هەبووە، کیلوباترا پاشای میسرییەکان نموونەیەکی دیاری قوربانیی ئەم دیاردەیەیە.

سێیەم: هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە: دیارە مرۆڤ دەست نابات بۆ خۆکوشتن تا نەگاتە دۆخێك کە ژیان بەگشتی بایی گوزەرانی شکۆمەندانە و خۆشی ئەوی تیا مابێتەوە کە نەکاتە سفر، بە مانا هیچ ئومێدێکی ژیانی نەمابێت، وەك دەروونزانەکان دەڵێن ڕەشبینیی ئەم کەسە گەیشتبێتە ئەوەی کە ژیانکردنی خرابێتە ناو خانەی (خەمۆکی) یان (سێگۆشەی ماتەم)ـەوە کە تەواو ژیانی کلیل درابێت، دیارە سێگۆشەی ماتەم سێ حاڵەتی هەیە:

- تێڕوانینی ڕەشبینانە کە ئیتر پاشەڕۆژ لەلای ڕەش بووبێت.
- خاڵیبوونەوەی مرۆڤە لە هەموو ئەو خەون و خولیا و ئومێدانەی بۆ ژیان هەڵیگرتبوون.
- ئەو پەستانە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییانەی کە ژیانیان لەو دۆخەدا هێناوەتە خاڵی سفر، ئیتر دەرفەتی دەستپێکردنەوەی لەلا نەماوە و پاشەڕۆژی لەلا تاریك بووە.

دەتوانین بە کورتی ئاماژە بە گرنگترینی ئەو هۆکارانە بکەین کە مرۆڤ دەخەنە ناو ئەم سێگۆشەی ماتەمەوە، کە ئەمانەن:

- نەمانی ئەمان و ئاسایشی دەروونی و جەستەیی.
- گرتنەوە و نەمانی خۆشەویستیی ئەوانی تر بۆی.
- بە چاوی ڕێز و کۆمەڵایەتییەوە تەماشەنەکردنی.
- وێرانبوونی ئاسودەیی ژیان لەناو ماڵ و خێزان و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی
- دەستبەتاڵی و ئیفلاسکردن و تووشبوون بە قەرزاری و وێرانبوونی ئاسایشی ماددی و گیرفانی.
- داخرانی ئەو دەرگا سەرەکییەی کە هەموو ئومێدەکانی خۆی لەسەر هەڵچنیبوو کە لەوێوە تەماشەی ژیانی دەکرد.

---

* هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی